دەبێت ئەنجومەنی کۆمسیاران لەماوەی کەمتر لە 30 ڕۆژدا وەڵامی کارگێڕی هەڵبژاردنەکان بداتەوە سەبارەت بەنەخشەی کارەکەی، بەپێچەوانەوە نەخشەکە بەبەرکار دادەنرێت.

**ماددەی سیازدەیەم:**

پێویستە سەرجەم فەرمانبەرانی کۆمسیۆنی باڵای سەبەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی لەکاتی دامەزراندنیاندا واژۆ لەسەر بەڵێننامەی بنەما ڕەفتاریەکان بکەن، کە لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە ئامادە دەکرێت.

**ماددەی چواردەیەم:**

سەرۆکی کارگێڕیی هەڵبژاردن بۆ ڕاییکردنی کارە کارگێڕیەکانی بۆی هەیە هەر ئەرکێك بەفەرمانبەرانی فەرمانگەو بەش و هۆبەکان بسپێرێت، کە لەم پەیڕەوەدا ئاماژەی پێنەدراوە.

**ماددەی پازدەیەم:**

**یەکەم :** دەبێت سەرۆکی کارگێریی هەڵبژاردنەکان لە پاش (30) رۆژ لە مێژووی پەسەندکردنی ئەنجامی (هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیەکان) دوایین راپۆرتی پرۆسەکانی هەڵبژاردنەکان و راپرسیەکان پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆمسیاران بکات .

**دووەم :** دەبێت سەرۆکی کارگێریی هەڵبژاردنەکان لە پاش (180) رۆژ لە مێژووی پەسەندکردنی ئەنجامی ( هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیەکان ) راپۆرتی دارایی پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆمسیاران بکات .

**ماددەی شازدەیەم:**

ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە لەڕۆژی بلاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان)ـدا کاری پێدەکرێت.

**هنـدرێن مـحمـد صـالح**

**سـەرۆکی ئە نجومەن**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە :** 6115 **لە** 2015/4/20

لەسەر بنەمای ماددەکانی (88) و (89) و (105) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (89)ی ساڵی 1981ی هەمواركراو ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکردووە:

**ڕێنمایی ژمارە ( 2 )ی ساڵی** 2015

**ڕێنماییەکانی پێدانی مۆڵەتی پیشەیی کاری تاقیگەی ئەهلی بۆ شیکردنەوەی نەخۆشی**

**ماددەی یەکەم :**

**یەکەم:** مۆڵەتی پیشەیی کاری تاقیگەیی تایبەت بۆ شێکردنەوەکانی نەخۆشی لەلایەن لیژنەی زانستی وەزارەت (بە بەشداری نوێنەری سەندیکای پەیوەندیدار) دەدرێت بەداواکاری مۆڵەت بەم مەرجانەی کە لەخوارەوە هاتووە لە ماددەی(2)ـەمی ئەم ڕێنماییانە.

**دووەم:** مۆلەتی کردنەوەی تاقیگە دەدرێت بە یەك یا دوو لە هەڵگرانی مۆلەتی کارکردن لە تاقیگە بەلایەنی کەم لە دوو پسپۆریەکان لە پسپۆریەکانی تاقیگەی کلینیکی کە لە خوارەوە هاتوون یا لە یەکێك لە بەشەکانی ، بەڵام لە پارێزگاو شارۆچکەکانی کە لەیەك پسپۆری زیاتر بەردەست نیە ئەوا دەکرێ مۆلەتی کردنەوەی تاقیگە بۆ یەك پسپۆری بدرێت، بەهاوبەشی لەگەڵ دەرچووێکی تری کۆلیجی زانستی بەشی کیمیا یا بایۆلۆجی کە خزمەتی لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ لە تاقیگاکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی.

**پسپۆریەکانی تاقیگە ئەمانەن:**

أ- نەخۆشیەکانی خوێن

ب- شێکردنەوی نەخۆشیەکانی شانەیی

ت- کیمیای کلینیکی

پ- وردە زیندەوەرزانی پزیشکی

ج- بەرگری کلینیکی

ح- بۆماوەی خانەیی

خ- هەر پسپۆریەکی تر لە پسپۆریە سەرەکیەکانی کاری تاقیگەیی بریار لەسەر دراو لەلایەن لیژنەی زانستی وەزارەت.

**ماددەی دووەم:**

ئەوەی داوای مۆڵەتی کاری تاقیگەیی دەکات دەبێت ئەم مەرجانەی خورەوەی تیادا هەبێت:-

**یەکەم:** ناسنامەی عێراقی هەبێت

**دووەم:** یەکێك لە هەڵگرانی ئەم بڕوانامانەی خوارەوە بێت:-

1- هەڵگری بڕوانامەی بۆرد( ئەمریکی ، عەرەبی ، عێراقی یان کوردی) یان ئەندامێتی کۆلێژی شاهانەی بریتانی بۆ پاسۆلۆجی هەبێت یا هەر بڕوانامەیەکی پیشەیی هاوتایان بێت و لە دوو بەش

لە بەشە سەرەکیەکانی تاقیگە مۆلەتی پێدەدرێت بە مەرجێ کە بۆ ماوەی ساڵێك پیشەکاری کرداری هەبێت لە هەر بەشێك پاش بە دەستهێنانی بڕوانامەکەی.

2- هەڵگری بڕوانامەی پیشەیی دبلۆمی باڵا لە زانستی نەخۆشییە کلینیکیەکان یا بڕوانامەیەکی هاوتا کە لە دووبەش زیاتر لە بەشە سەرەکیەکانی تاقیگە مۆڵەتی پێنادرێت، بەمەرجێ پیشەکاری کرداری هەبێ بەلایەنی کەم بۆماوەی ساڵێکی بەهێزکردن بۆ هەربەشێك پاش بەدەست هێنانی بڕوانامەی دبلۆم بۆ پزیشکان و دوو ساڵی پیشەکاری بەهێزکردن بۆ هەر بەشێك بۆ ئەوانەی تر.

3- هەڵگرانی بڕوانامەی ئەکادیمی باڵا (دکتۆرا یا ماستەر) یا هاوتایان (بۆ پزیشکان و هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا و ماستەر لەدەرچوانی کۆلیژی تەکنیکاری پزیشکی لە بەشێك لە بەشەکانی کلینیکی تاقیگە ودەرمانسازان و دەرچوانی کۆلیجی زانست بەشی کیمیا و ووردەزیندەوەرزانی) لە یەکێك لە پسپۆڕیە سەرەکیەکانی تاقیگەی کلینیکی ئەوا لە بەشی پسپۆری خۆی مۆڵەتی پێدەدرێ بەمەرجێ پیشەکاری کرداری هەبێت لە بابەتی پسپۆریەکەی بۆ ماوەی یەك ساڵی بەهێزکردن بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا و دوو ساڵیش بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر پاش بەدەستهێنانی بڕوانامە باڵاکەی بەمەرجێك:-

أ- لیژنەزانستی تایبەتیەکانی وەزارەت پاڵپشتییان بکات کەوا شارەزایی زانستی و کرداری پێویستیان هەیە بۆ هەڵسان بە کارەکانی لەبواری شارەزاییان بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی تیۆری و کرداری کە لە دووجار زیاتر نەبێ لەساڵێك و بە نووسراوێکی داواکردنی هاوپێچ کراو بە دۆکیمێنتی پێویست و ئەوەی لە هەوڵی یەکەمی هەڵسەنگاندنەکە سەرکەوتوو نەبوو ئەوا مافی ئەوەی هەیە دووجاری تر بەشداربێت ، کاتێکیش نەیتوانی لەهەرسێ هەوڵەکانی هەڵسەنگاندنەکەی سەرکەوتوو بێ ئەوا بۆی هەیە پاش دووساڵ لە هەڵسەنگاندنی سێهەم بەشدار بێت لە دوا هەڵسەنگاندن.

ب- ئەو داواکارەی لە هیچ یەك لەم هەڵسەنگاندنانە سەرنەکەوت کە پێشتر لەم ماددەیە هاتووە ئەوا تاکە هەڵێکی تری پێدەدرێت. پاش ڕەزامەندی لیژنەی زانستی پێدانی مۆلەتی تاقیگەیی.

ت- ئەوی هیچ یەك لەم هەوڵی هەڵسەنگاندنانەی نەبری بەبێ ئەوەی سەرکەوتووبێ و پاشان بڕوانامەیەکی بەرزتری بەدەست هێنا لە یەکێك لەو بەشانەی لە بەندی (سێهەم) لە ماددەی (1) هاتووە لەم ڕێنماییانە مافی ئەوەی هەیە داوایەك پێشکەش بکات لەگەڵ دۆکیمێنتە داواکراوەکان

بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتی پیشەکاری کاری تاقیگەیی بە گوێرەی مەرجەکانی هاتووە لە ماددەی (2)ی ئەم ڕێنماییانە.

4- بۆ دەرچوانی خولەکانی تاقیگەیی ئەوانەی کاریان کردووە لە تاقیگاکان وەك لە خوارەوە:

أ- دەرچوانی خولەکانی پزیشکانی نیشتەجێی دێرین لە تاقیگاکان ئەوەی کە ماوەکەی لەدوو ساڵی بەهێزکردن کەمتر نییە ئەوا تەنها لە دوو بەش مۆڵەتیان پێدەدرێ پاش پیشەکاری کردەیی لە بواری کارەکانیان لەیەك ساڵ کەمتر نەبێ لە هەر بەشێك پاش خولەکە بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی تیۆری و کرداری وەك لە فەقەرە (3) دا هاتووە.

ب- دەرچوانی خوولەکانی تاقیگەیی لە وەزارەت یا فەرمانگەکانی تەندروستی لە دە ر چوانی کۆلیژی زانست بەشی کیمیا و ووردەزیندەوەرزانی کە ماوەکەیان لە ساڵێك کەمتر نیە و پیشەکاری کردرای لە تاقیگە پیشەکاریەکان لە بواری کاری خۆیان پاش خولەکە لە ساڵێك کەمتر نەبێ و پێنج ساڵی خزمەتی هەبێت (بەخولەکەوە) بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی تیوری و کرداری وەك لە بڕگەی (3)

5- وەزیر بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری لیژنەی زانستی وەزارەتی تەندروستی چاو بخشێنێتەوە بە پێدانی مۆڵەتی پیشەکاری تاقیگە لە بەشێك لە بەشەکانی تاقیگا بۆ ئەو پیشەکارانەی کە خولی تاقیگاکانیان تێنەپەراندوە و ئەوانەی کە لیژنەی هونەری تایبەتمەند هەڵدەستێ بە هەڵسەنگاندنی تیۆری و کردارییان ئەمەش بە هەڵبژاردنیان بۆ وەدەستهێنانی مۆلەتی کردەی پیشەکە بەمەرجێك ماوەی کارکردنیان بۆ پزیشکان و دەرمانسازان (8) ساڵ کەمتر نەبێ و بۆ دەرچوانی کۆلیژی زانستی بەشی کیمیا و وورده زیندەوەرزانی (10) ساڵ کەمتر نەبێ گەر سەرنەکەوت لە هەڵسەنگاندنەکە ئەوا وەك لە بڕگەی (3) هاتووە مامەلەی لەگەڵ دەکرێ.

6- ماوەی پیشەکاری کردەیی لە تاقیگەکان بەر لە وەدەست هێنانی بڕوانامەی باڵا یا ئەوان پیشەکاری کردەییان هەیە لە تاقیگاکان بەر لە تەواوکردنی خولی تاقیگاکان بۆیان ئەژمار دەکرێ بە مەبەستی پێدانی مۆڵەت بەمەرجێك لە نیوەی ماوەی داواکراو بۆ پیشەکاری زیاتر نەبێت.

7- مۆلەتی پیشەکاری تاقیگەیی نادرێت بە دەرچوانی کۆلیژی پەروەردە بە هەموو بەشەکانیەوە بەگوێرەی ماددەی (88) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (89)ی ساڵی 1981ی هەموارکراو و یاسای ژمارە (15)ی ساڵی 2000 ی یاسای پلەبەندی وەزیفی بۆ دەرچوانی کۆلیجی زانست (کیمیا و بایۆلۆجی) ی هەرێمی کوردستان.

8- بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا لەسەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی دەبێت پراکتیزەی کردەیی هەبێ لە یەکێك لە تاقیگەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی بۆ ماوەی یەك ساڵ پاش وەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆرا و دووساڵیش بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر ئەم پیشکردەییەدەبێت لەسەر شێوەی (تفرغ تام) بێت بۆ ئەو ماوانەی پێشتر دیاری کراون.

**ماددەی سێیەم**

مۆڵەتی پیشەکاری کاری تاقیگەیی لە بەشەکانی نەخۆشیەکانی خوێن و پشکنینە شانەییەکان و پشکنینی خانەیی تەنها دەدرێت بە پزیشکان کە هەموو ئەو مەرجانەیان تیادا هەیە کە لەم رێنماییانە هاتووە هەروها بۆئەوانەی کە پسپۆری هیماتۆلۆجیان پێ دراوە.

**ماددەی چوارەم**

مۆڵەت پێبەخشراو بۆ کردنەوەی تاقیگەی تایبەت رێگەی پێنادرێت کارێکی تری پیشەیی بکات لە شوێنێکی تر کە بڕوانامەکەی رێگەی پێ دەدات. لە کاتی بوونی دوو بڕوانامەی جیاواز تەنها دەتوانێت کاری پیشەیی بەیەك لە بڕوانامەکانی بکات.

**ماددەی پێنجەم**

نابێت تاقیگە بکرێتەوە لە هیچ شوێنك تەنها لە سەنتەری پارێزگا یا شارۆچکەکەی کە مۆڵەت پێدراو کاری تێدەکات یا نشتەجێیە لەو سەنتەرە گەر داواکاری مۆڵەت خانەنشین کرابوو دەبێ مۆڵەت پێدراو لە شوێنی نیشتەجێی هەمیشەیی خۆی کار بکات بە پاڵپشتی لایەنە فەرمیەکان.

**ماددەی شەشەم**

تاقیگەی تایبەت بۆی نیە شێکردنەوەی تاقیگەیی بکات بەدەر لەو بەشانەی کە مۆڵەتی لێ وەرگرتووە ئەو بەشانەش دەبێت لەسەر لافیتە و چاپکراوەکانی تاقیگەکە و هەڵواسینی لیستی پشکنینەکانی مۆڵەتیان تیادا وەرگرتووە بۆ کردنیان و هەروەها نرخی پشکنینەکان لە شوێنێکی دیاری تاقیگەکە هەڵبواسرێت ( بە زمانی کوردی و ئینگلیزی).

**ماددەی حەفتەم**

أ- رێگە دەدرێت بە تاقیگە بۆ وەرگرتنی نموونەکانی کە رێگەی پێنەدراوە بۆ پشکنیان بەمەرجێك رەوانەیان بکات بۆ تاقیگەیەکی تر کە مۆڵەتی هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم پشکنینانە ئەنجامەکەشی بەناوی ئەو تاقیگەیە دەبێت کە پشکنینەکەی کردووە.

ب- ئەو شیکاریە تاقیگەییانەی لە ناو هەرێم ئەنجام دەدرێت بەهیچ شێوەیەك تاقیگە بۆی نیە ڕەوانەی تاقیگەیەکی دەرەوەی هەرێمی بکات.

**ماددەی هەشتەم**

خاوەنی تاقیگە بەرپرسیارە لەسەر کارەکانی لە تاقیگەکە دەکرێ دەبێت ئەمانەی خوارەوە ڕەچاوبکات:-

أ- پابەندبوون بە ڕێسارەوشتیەکانی پیشەکە و لانەدان لە یاساو سیستەم و ڕێنماییەکان

ب- ئەنجام نەدانی ئەو پشکنینانەی کە ڕێگەنەدراون ئەنجامی بدەن.

ت- پابەندبوون بە ئەنجامدانی ئەو پشکنینە تاقیگەییانەی کە لەلایەن وەزارەتەوە بۆی دیاری کراوە.

پ- ئاگادار کردنەوەی فەرمانگەکانی تەندروستی گشتی و چاودێری تەندروستی سەرەتایی بۆ هەر کەیسێکی پەتای کە لە تاقیگەی تایبەت دەیدۆزێتەوە بە کەمتر لە (24) کاتژمێر لە دەرکەوتنی ئەنجامی پشکنینەکە و دەشکرێ بە تەلەفۆن ڕاستەخۆی ڕابگەیەنرێت.

ج- پابەند بوون بە ڕێساکانی خاوێنی و لەناوبردنی پاشەڕۆ تاقیگەییەکان بە گوێرەی ڕێساکارە زانستییە پشتپێبەستراوەکان .

ح- بەکار نەهێنانی هیچ ماددەیە یا ئامرازێکی پێناس گەر بە ڕێگە اصولیەکان هەڵنەسێنگرابێت.

خ- پابەند بوون بە نرخی پشکنینەکانی تاقیگەی درەچوو لە وەزارەت.

د- تاقیگە بەکارناهێنرێت تەنها بۆ مەبەستە تاقیگەیەکان نەبێ بۆ پێناسکردنی پزیشکی.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەو شوێنەی وەك تاقیگە دانراوە دەبێت هەموو دەزگاو ماددە تاقیگەییەکانی تیادا هەبێت بۆ ئەو بەشە یا ئەو بەشانەی تایبەتمەندیەکانی پێویستیەتی و مەرجە تەندروستیەکان کە پێویستە تیادا هەبێت بە گوێرەی ماددەی (89- 105) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (89)ی ساڵی 1981ی هەموارکراو و ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی ژمارە(1) بۆ ساڵی 2010.

**ماددەی دەیەم**

ئەم ڕێنماییانە جێبەجێدەکرێ بەسەر ئەوانەی کاردەکەن لە تاقیگاکانی نەخۆشخانە تایبەتیەکان و تایبەتمەندەکان و یا هەر تاقیگەیەکی تر کە هەڵدەستیێ بە پشکنینەکانی تاقیگەیی کلینیکی بۆ نەخۆشیەکان بەرامبەر بە نرخێکی دیاریکراو.

**ماددەی یازدەم:**

لیژنەی زانستی تاقیگاکان لە وەزارەت هەڵدەستێ بە دیاری کردنی تاقیگاکانی پراکتیکی دانپیانراو کە مەرجی زانستی پزیشکی و کلینکی پراکتیزەکردنی تایبەتمندیەکانی تیادا هەیە یا ڕاهێنان لەسەر

پشکنینە کلینیکیەکانی نەخۆشی ، هەر ئەو لیژنە زانستیە رەزامەندی دەدات لەسەر پراکتیزەکردنەکانی لە دەرەوەی عیراق و چاوپێکەوتن لەگەڵ داواکار هەریەکەیان بە گوێرەی بەشی تایبەتمەندێتی یەکەی و رەزامەندی دان یا رەتکردنەوەی ئەم پراکتیزەکردنە.

**ماددەی دوازدەهەم**

لەکاتی ئامادە نەبوونی خاوەنی تاقیگە لە تاقیگاکەی خۆی بۆ ماوەی زیاتر لە (15) رۆژ دەبێ ئاگاداری لایەنی تەندروستی تایبەتمەند بکاتەوە بە نووسراو گەر ئارەزووی کرد بە بەردەوام بوونی کار لە کاتی ئامادەنەبوونی بۆ زیاتر لەو ماوەی پێشتر دیاری کراوە ، دەبێ جێگرەوەیەك لە شوێنی خۆی دابنێ لە هەمان بواری پسپۆری ئەو شارەزایی هەبێت پاش وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەت لەسەری ، بە پێچەوانەی ئەوە ئەوا تاقیگەکەی دادەخرێت لەماوەی ئامادە نەبوونی لە تاقیگاکەی.

**ماددەی سێزدەم:**

أ- لە باری جیابوونەوەی یەکێك لە هاوبەشەکانی تاقیگە ، تاقیگاکە دادەخرێت ودەبێت لە نوێوە داواکاری کردنەوەی تاقیگە پێشکەش بکات پاش 45 رۆژ لەداخستنی تاقیگاکە، دووبارە کەشفی یەکەم و دووەمی بۆ شوێن و ئامێرەکانی تاقیگاکە دەکرێتەوە .

ب- لەباری گۆرینی شوێنی تاقیگە بۆ شوێنکی تر ، کەشفی تازە بۆ شوێنە نوێکە دەکرێت.

ت- لەباری داخستنی تاقیگە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە ، تەنها دوای ( 45 ) روز لە داخستنی تاقیگەکە بۆیان هەیە داوای کردنەوەی تاقیگەیەکی تری نوێ بکەنەوە.

**ماددەی چواردەم**

أ- مۆلەتی تاقیگەی تایبەت هەموو دووساڵ جارێك لە مانگەکانی کانونی دووەم و شوباتی هەر ساڵێك نوێ دەکرێتەوە لە بەشی تاقیگاکان لە وەزارەت بە پشتگیری سەندیکای پەیوەندار.

ب- بۆ نوێکردنەوەی مۆلەتی پیشەیی تاقیگا و کردنەوەی تاقیگای تایبەتمەندی تەندروستی بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی وەزارەتی تەندروتستین دەبێ پشتگیری لایەنی پەیوەندیداری کە کاری تیادەکا هەبێت کەوا دەرماڵەی تەفەرغ وەرناگرێت .

**ماددەی پازدەم**

میراتگرانی خاونی مۆڵەتی تاقیگە بۆ یان هەیە ئەو مۆڵەتە بەکار بهێنن بۆ ماوەی (3) ساڵ لە بەرواری مردنی خاوەن مۆڵەت پاش دیاری کردنی لێپرسراوێك لەسەر تاقیگاکە لە هەمان بەشی تاقیگەیی کە تاقیگەکەی مۆڵەتی پێدراوە.

**ماددەی شازدەم**

**وەزارەت بۆ هەیە بەرنامەی کۆنترۆلی جۆری و فێرکاری پزیشکی بەردەوام ڕێك بخات بۆ تایبەتمەندیە جیاوازەکانی تاقیگەیی و هەروەها وابەست کردنی هەموو تاقیگەکان بە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی کە وەزارەت ڕەزامەندی لەسەر دەدات.**

**ماددەی حەڤدەم**

**وەزیر بۆ هەیە مۆلەتەکانی دراون ڕەت کاتەوە بە گوێرەی ئەم ڕێنماییانە دراوە، لەو بارانەی خوارەوە:**

**یەکەم: گەر سەلمێندرا کە ئەو مۆڵەتەی دراوە لەسەر بنەمای زانیاری نادروست بووە.**

**دووەم : نەمانی یەکێك لە مەرجەکانی ئەم بڕوانامەی پێدراوە.**

**سێیەم: نەمانی شایستەیی یاسایی هەلگری مۆلەتەکە.**

**ماددەی هەژدەم:**

**ناکرێت بۆ ئەو کەسەی مۆلەتی تاقیگەیی پیشەیی پێدراوە کارێکی تری پزیشکی ئەنجام بدات ، تەنها کاری لێکۆلینەوەی زانستی و وانە وتنەوە بەمەرجێك لە 6 کاتژمێر زیاتر نەبێت لە هەفتەیەك دا.**

**ماددەی نۆزدەم:**

**ڕێگە نادرێت بە هەلگری مۆڵەت پێدراوی تاقیگە لەیەك تاقیگە زیاتر بەرێوەببات ، هەروەها ڕێگە نادرێت لقی تر بۆ تاقیگەکەی بکاتەوە یاسەرپەرشتی تاقیگەی نەخۆشخانە ئەهلیەکان بکات سەرباری تاقیگەکەی خۆی.**

**ماددەی بیستەم:**

**ئەوانەی تاقیگە دەکەنەوە بەبێ مۆڵەتی یاسایی لە وەزارەتی تەندروستی ، تاقیگەکە دادەخرێت و سزای دارایی پێدەبژێردرێت بۆ جاری یەکەم  بە بڕی یەك ملیۆن دیناری عیراقی گەر بەردەوام بوو لەسەر پێچیەکەی دووبارە تاقیگای کردەوە ئەوا بە ڕێکاری یاسای دەدرێت بە دادگای پەیوەندی دار.**

**ماددەی بیسیت و یەکەم:**

**پێشێل کاری ئەم ڕێنماییانە ئەم سزایانەی بەسەر دا جێبەجێدەکرێ کە لە ماددەی (89) چوارەم و ماددەی (96) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (89)ی ساڵی 1981ی هەموارکراو دا  هە یە .**

**ماددەی بیست و دوو :**

**هەموو ئەو ڕێنماییانەی تایبەت بە تاقیگاکان کە پێشتر دەرچووە لادەبرێن و ئەم ڕێنماییانەش کاری پێدەکرێ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .**

د.ڕێكەوت حمە رشید كریم
وەزیری تەندروستی

**وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی**
**ژمارە** 1909 **لە** 2015/4/28

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی كەپێمان دراوە لە ماددەی ( یازدە ) لە یاسای سندوقی پشتیوانی پڕۆژە بچوكەكانی لاوان لە هەرێم كوردستان - عێراق ژمارە (٢) ساڵی (٢٠١١)، ئەو ڕێنماییەمان دەركرد:**

**ڕێنمایی ژمارە ( 3 )ی ساڵی ٢٠15**

**تایبەت بەهەمواركردنی ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١١**

**ماددەی یەكەم :**

**هەمواركردنی خالی (٢) لەبڕگەی یەكەم ماددەی پێنجەمی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١١) كە بەم شێوەی خوارەوە :**

**یەكەم : لەسەر قەرزوەرگر پشكەكانی لەسەریەتی لەماوەی (٣٠) ڕۆژ لەبەرواری دەستپێكردنی مافداریەكە (استحقاق) بگەرێنێتەوە ، وە لەكاتی دواكەوتنی لەگەراندنەوەی لە مەوداكانی بریاردراو ، پابەند دەبێت بە دانی پێبژاردنی دواكەوتن كە بڕەكەی (٣) سێ هەزار دینار لە جیاتی هەر ڕۆژێك دواكەوتن لە (١٥) پازدە ڕۆژەكانی یەكەم ، وە (٥) پێنج هەزار دینار لەجیاتی هەر ڕۆژێكی دواكەوتنی لە (١٥) ڕۆژەكانی دواتر ، وە لەكاتی پابەند نەبوون بە دانی پشكەكانی ، پێویستە بەیەك جار بداتەوە بەبێ هۆشداری پێشوەخت و وەرگرتنەوەی بەپێی یاسا .**

**دووەم : ئەنجومەن بۆی هەیە بریار بدات بە لێبوردنی لە پێبژاردنی هاتوو لەبرگەی (یەكەم)ی ئەو ماددەیە ، هەمووی یان بەشێكی ، ئەگەر هۆیەكانی دواكەوتنی قەرزوەرگر لەدانی پشكەكانی مافداری (المستحق) لەمەوداكانی بریاردراو لەو ڕێنمایە دەگەرێتەوە بۆ زروفی نەخوازیار كە نەتوانرێت پشكەكە بگەرێنێتەوەلە كاتی دیاریكراودا ، بەمەرجی بوونی نیەت باشی .**

**ماددەی دووەم :**

**راستكردنەوەی ناوەرۆكی بڕكەی (٥) لە ماددەی یەكەمی ڕێنمایی ئاماژە پێكراوی سەرەوە بەم شێوەی خوارەوە :**

**ئەنجومەن : ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووكەكانی لاوان بەپێی ئەحكانی ماددەی (چوارەم) لە یاسای سندوقی پێكهاتووە .**

**ماددەی سێیەم :**